





# کورد و ئێران لە دورەدیمەنەی هزری ڕێبەرانی نەمر



نووسینی: ئەلبورز ڕۆئین تەن

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# کورد و ئێران لە دورەدیمەنەی هزری ڕێبەرانی نەمر

- لە بری پێشەکی
- پێشەوا قازی محەممەد، تەسلیمبوون یان فیداکاری لە پێناو ئامانج؟
- دوکتور قاسملوو و ئاماژە بە بڕیاری نەسڵی داهاتوو
- دوکتور سادق شەرەفکەندی و ڕاشکاوی لە هەڵوێست و گۆڕانکاری لە ئەولەویەتدا
- کۆبەند

نووسینی ئەلبورز ڕۆژین تەن

## لە بری پێشەکی

نەمران پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، دوکتور سادق شەرەفکەندی سێ ڕێبەری ناوداری کورد لە سەدەی بیستەم هەژمار دەکرێن کە کاریگەرییەکی زۆریان لە سەر بزاڤی ڕەوای گەلەکەمان بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵات هەبووە.

لێکۆڵینەوە لە سەر ژیانی سیاسی و هزر و ئەندێشەیان و چونیەتی ڕێبەری کردنی خەباتی ئازادیخوازی گەلەکەمان گرینگییەکی زۆری هەیە، چونکە بەو لێوردبوونەوەیە وێڕای ئەزمون لە ڕابردوو دەتوانین هۆکاری شکست و سەرکەوتنەکانیان بخەینە بەر باس تا بین بە وانە بۆ داهاتوو، بە تایبەتی ئەو کەسایەتییانە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات بوون کە ئێستاش لە گۆڕەپانی خەباتدا شوێندانەرییان بەردەوامە.

لەلایەکی دیکەوە بەو شێوەیە شەنوکەوکردنی مێژوو وەک یەکێک لە بنەماکانی دروست کردنی بڕیار بۆ سبەی کە پێویستییەکی هەمیشەیی کوردە ڕەچاو دەکرێت. هەروەها نابێ لە بیرمان بچێت کە لێکدانەوەی مێژوو بە زانیاری

و ئــاوەزی ئەمــڕۆ ناتوانــێ تــابلۆیەکی ڕوون لەو مێژووە بە ئـێمە بـدات؛ بەڵکــوو لێکدانــەوەی ئەو مێــژووە دەبێ بە لەبەرچاوگرتنـی دۆخـی کۆمەڵایەتـی، ئابـووری و سیاسـی ئـەو کات بێـت.
ڕێبەرانــی سیاســیش لــە کاتــی جیــاوازدا گۆڕانکـاری بە سـەر بیرکردنەوەیانـدا دێت، چـونکە دۆخـی سیاســی و خەبـات بەردەوام لە گۆڕانکاریدایە و ئەو گۆڕانکارییانەش کاریگەرییــان لــە ســەر بیرکردنەوەیانـدا هەیـە.

بێگومــان مرۆڤــی ئاوەزمەنــد و بەتایبــەت سیاســەتوانانی لێهاتــوو کــە هێڵــە فکرییەکانــی خۆیــان بــە گوێــرەی هەلومـەرج و پێداویسـتییەکانی سـەردەم گۆڕانـکاری بـە سـەردا دێنن بـۆ ئەوەی بتوانن بە ئامانجی دیاریکراو بگەن.

پێویستە ئامـاژە بـەوەش بکـەم کـە گۆڕانـکاری لـە تاکتیـک بـۆ باشـتر گەیشـتن بـە ئامانجـی ڕەوا لێـرەدا مەبەسـتە نــەک ئــەوەی هەمــوو جــۆرە گۆڕانکارییــەک لە بیـرو هـزری سیاســی و تاقیکردنــەوەی هەمــوو ڕێگایــەک بەمەبەستی بەدەستهێنانی دەسەڵات بە ڕەوا و ئاسایی بزانین.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییانە لەو بابەتەدا نوسین و گوتاری ئەو سێ ڕێبەرە کاریگەرە لە سەر بزاڤی گەلی کورد لە دوایین ڕۆژ و ســاڵەکانی ژیانیانــدا دەخەینە بەر بـاس چونکە هـزری ڕێبــەران لــە دواییــن ڕۆژەکانــی ژیانیــان وێــڕای ئــەوەی پێویسـتیی هەلومەرجـی ئـەو کات دەخاتـە ڕوو بەڵکــوو وەک بەرهەمــی ئەزمونی ڕابردووشـیان هەژمـار دەکرێـت؛ هەروەهـا گریمانــەی ئەوەیکـە ڕوانگــەی ئــەوان بـۆ ئەمـڕۆ چـی بــووە باشـتر دەردەکەوێت.

هــەروەک گووتــم گریمانــە چونکــە بــە هیچ شـێوەیەک بە دروسـت نابینـم کـە بڵێم ئەوان بـۆ ئەمڕۆ ئـاوا بیریـان دەکـردەوە. شیکردنەوەی گوتاری دوایین ساتی ژیانی ئەو ڕێبەرانە بەمەبەسـتی زیـاتر ڕوونکردنــەوەی ئەمڕۆ وەک یەکێـک لــە وانەکانــی مێــژوو بۆ دووبارە نەکردنــەوەی هەنگاوەکانــی کــە دەبنــە هــۆی شکســت و هەروەهـا ناسـینی زیاتـری ئــاوەزی دوژمنانــی بزاڤی ڕەوای گەلی کورد پێویستە.

بۆ شیکردنەوەی ئـەو بەشـە لـە هـزری ڕێبــەران کـە لـە سـاتەکانی کۆتایـی ژیانیانـدا تۆمـار کراون بە گوێـرەی توانا بەڵگە پێوەندیدارەکان بە دوایین ڕۆژەکانی ژیانی سەرکۆمار پێشەوای نەمر دەخەینە ڕوو و هەروەهـا کەڵــک لــە ڕاپۆرتـی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی بـۆ کـۆنگرەی هەشـت و دوایین لێدوانەکانــی دوکتــور قاسملوو لە میدیاکان و هەروەها ڕاپـۆرتی سیاسـی کـۆنگـرەی نۆیــەم و دواییــن لێدوانەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی لەگەڵ ڕۆژنامەنوسان وەردەگرین.



سەرچاوە
Serchawe

## پێشەوا قازی محەممەد، تەسلیمبوون یان فیداکاری لە پێناو ئامانج؟



یەکێک لە هەوڵەکانی ڕێبەرایەتی پێشەوا لە سەردەمی کۆماری کوردستان وێڕای بەڕێوەبردنی کۆمار وتووێژ لەگەڵ کاربەدەستانی حکومەتی ناوەندی بۆ چارەسەری گرفتەکان لە ڕێگەی ئاشتییەوە بوو، بۆ دابینکردنی ئەو ئاشتییەش چەندین جار سەردانی تارانی کرد و لەگەڵ وەفدی حکومەت لە شوێنی جیاوازدا دانوستاندنیان کرد.

مەبەستی پێشەوا لە وتووێژ دابینکردنی مافی نەتەوایەتی کورد بە ڕێگەی ئاشتییانەوە بوو، کە لە هەر ڕێبەر و مرۆڤێکی خاوەنی ئەخلاق و هەڵسوکەوتی مرۆڤدۆستانەدا، چاوەڕێ دەکرێ. لە بەرانبەردا وتووێژ بۆ دەسەڵاتدارانی تاران تەنیا بەمەبەستی کڕینی کات بۆ دانانی پلانی هێرش و لەنێوبردنی خەبات و ڕێبەرانی ئەو خەباتە هەژمار دەکرا هەر بۆیەش بە ئاکام نەگەیشت، ئەوە جاری یەکەم و دوایی نەبوو کە دوژمنی گەلی کورد لە لاوازیدا لە تاکتیکی وتووێژ بۆ کڕینی کات و دانانی پیلانی سەرکوت کەڵکیان وەردەگرت. هەر بۆیەش هەر وتووێژێک لە ئێستا و داهاتوودا لە سەر پرسی کورد دەبێ بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕاستییە ئەنجام بدرێت کە مەبەستی دوژمنان لە وتووێژ چارەسەری نییە بەڵکوو خۆڕێکخستنەوە بۆ هێرشێکی سەرکوتکەرانەی دیکەیە، بەڵام ئەوەی شایانی باسە زۆرجار بەئەنقەست و زۆرجاریش بە بێ زانیاری باس لە خۆ تەسلیمکردنەوەی پێشەوای نەمر دەکرێت، دەکرێ ئەو بابەتە وەک ڕەخنەیەک ئاراستە بکرێت بەڵام پێوستە چونیەتی وەرگرتنی ئەو بڕیارە بە باشی شی بکرێتەوە.

لە یادداشتەکانی ئەحمەد عەبدوڵا پشدەریدا کە خۆبەخشانە لـە باشـووری کوردسـتانەوە بەشـداری کۆماری کوردستانی کردبوو هاتووە:

«لـە مانگـی تەمـووزی ١٩٤٦دا چەنـد نوێنەرێکـی حکومەتـی تـاران بـە سـەرۆکایەتی سـەرهەنگ فیـرووز هاتنـە مەهابـاد و ڕاسـتەوخۆ بـە قـازی محەممەدیـان ڕاگەیانـد چـەک دانەنێـن حکومەتی ئێران ئامادە نییە خودموختـاری بـە کـورد و تـورک بـدات. قـازی محەممەدیش لـە وەرامـدا گوتـی گەلی کـورد کاتـێ ئـەو چەکـەی هەڵگرتـووە کـەس هانـی نـەداوە بـۆ چەکهەڵگرتـن، بەڵکـوو هەسـتی نەتەوایەتـی خـۆی پاڵـی پێوەنـاوە و بەمەبەسـتی ڕزگـاری نیشـتمانەکەی دەسـتی داوەتـە چەک و بۆیـە مـن ناتوانم داوای چـەک فرێدانی لێ بکەم.» (١)

ڕێبەرێکـی سیاسـی کـە ئامـادە نەبێـت چـەک لـە پێنـاو وادە درۆیینییەکانـی دوژمـن فـڕێ بـدات بێگومـان بیـر لـە تەسـلیمبوونەوەش نـاکات، بەڵکـوو بیـر لە بەرگـری دەکـات. نەوشـێروان مستەفا لە کتێبی حکـومەتی کـورد لە گەمەی سۆڤیەتیدا زیاتر لە سەر ئەو بابەتە دواوە و دەڵێ:

«لـە دوای ئـەوەی هەواڵـی هاتنـی هێرشـێکی گـەورە بـەرەو کوردسـتان دەگات ڕۆژی ١٤ی سـەرماوەزی ١٣٢٥ بەرامبـەر ٥ی دیسـامبری ١٩٤٦ قـازی محەممەد تـاقمێکی ١٠ کەسـیی لەوانە: سەیفی قـازی و سەدری قـازی، بۆ ڕاوێـژ دەربـارەی پێکهێنـانی «شۆڕای جەنگ» بۆ کۆبوونەوە بانگ کرد. لـەم کۆبونەوەیـەدا بڕیـار درا هێزەکانـی عەشـایر و جمهـوری سـاز بدرێـن بـۆ بەرهەڵسـتی هێزەکانـی ئێـران بـەڵام دوابڕیاریان بەجێ هێشـت بۆ کۆبـوونەوەی ڕۆژی دوایـی کـە ئەبـوو لـە مزگەوتـی هەباس ئاغا بکرێ»(٢)

هـەر وەکـوو کە لـەو بڕیـارەی پێشـەوادا بـۆ پێکهێنانـی شـۆڕای جەنـگ زۆر ڕوون و ئاشـکرایە کـە بڕیـاری پێشـەوا بەرخودان بووە بەڵام دواتر لە کۆبوونەوەی مزگەوتـی هەبـاس ئاغـا چـی ڕوویداوە و هەوڵـی هەنـدێک کەس بە پێچەوانەی ئەو بڕیارە بووە کە دواتر کاریگەری لە سـەر بڕیاری پێشەوا داناوە بابەتێکی دیکەیە. سـەرەڕای ئـەوەش پێشـەوا هەوڵـی ڕزگارکردنـی خـۆی نـەداوە، بەڵکوو بە پێشـمەرگکردنی خۆی هەوڵی پاراستنی خەڵکـی داوە، بـۆ ئـەوەی خوێنـی زیاتـر نەڕژێـت کـە فیداکارییەکـی بـێ وێنـە هەژمار دەکرێت.

بەکر حەویزی یەکێک لە ئەفسـەرەکانی باشوری کوردستان کە ڕۆڵیان لە کۆمار و ڕێکخسـتنی لەشکری پێشـمەرگە هەبـووە

لە سەر کۆبوونەوەی ڕۆژی دواتری خەڵکی مەهاباد لە مزگەوتی هەباس ئاغادا کە خۆی بەشدار بووە دەڵێ:

«کە چووینە خانەقای نەهری (مزگەوتی هەباس ئاغا)، خەڵکێکی زۆری مەهاباد لەوێ بوون و تکایان لە مەلا مستەفا کرد کە شەڕ نەخاتە نێو مەهاباد و بەڵێنیشیان نەدا کە پێشەوا لەگەڵمان بێت و بەو هومێدەی کە حکومەتی ئێران دەیبەخشێ»(٣)

هەر وەکوو لەو گێڕانەیەوەشدا بە ڕوونی دیارە کە بڕیاری پێشەوا لە چ دۆخێک دراوە، پێشەوا زۆر بە باشی دەزانێ کە لە سێدارە دەدرێت، چونکە لە وەڵامی مەلا مستەفادا کە داوای کردبوو لەگەڵی بڕوات، ئەو ئەوەی لە دەستی دێ بۆ پاراستنی دەیکات، زۆر بە ڕوونی گووتبووی کە «چاک دەزانم کە حکومەتی ئێران لە سێدارەم دەدات.»(٤)

سەرەڕای ئەوەش تەنیا هۆکارێک کە پێشەوای هان دا بۆ بەجێگەیاندنی ئەو بڕیارە، پاراستنی خەڵک و مەهاباد بوو. بەڵام ئەوەی زیاتر جێگای تێڕامانە بیرەوەرییەکانی محەممەدی نوری (عەتری گلۆڵانی) لە کتێبی «شەوێک و خەوێک» ە، کە باسی دیداری خۆی لەگەڵ حاجی بابەشێخ و حەمەحوسێن خان قازی و پێشەوای نەمر دوای ڕووخانی کۆمار و داگیرکردنی لەلایەن ئەرتشەوە دەکات. پێشەوای نەمر بەپێچەوانەی حاجی بابە شێخ و حەمە حوسێن خان کە زیاتر خۆشبین بوون بەو شێوەیە بۆ عەتری گلۆلانی دواوە: «کوڕم عەتری، مەیدانی چوارچرا دەزانی؟ گوتم بەڵێ، ئێوە دەبینن قازی محەممەد لەو مەیدانە ئێعدام دەکرێ. بۆیە ئەوەی دەڵێم هەتا نەتەوەی کورد پێ بزانن کە قازی محەممەد فریوی نەخوارد، هەڵخەڵەتاوی وادەی بێ جێ نەبوو. ئەوەی بە ئێوە دەڵێم بۆ تاریخ و وڵاتەکەتانی بگێڕنەوە بنووسن کە قازی نە فریوی خوارد، نە هەڵخەڵەتا، بەڵکوو ویستی خۆی فیدای ئارمانی نەتەوەی کورد بکا.

ئەو ئارمانانەی کە کۆمەڵەی )ژ - ک) و حیزبی دێموکراتی بناغەی داڕشت و شووڕەی کێشا ئەمن نامێنم، بەڵام ئەو ئۆقیانووسە ئیرادە و ئاواتە گەورەی نەتەوەی کورد کوا بە خاکەنازێک خۆڵەمێش و ژیلەمۆی نارەوای نەیاران خاپور دەکرێ؟»(٥)

پێشەوا بە زانینەوە بەمەبەستی خزمەتی زیاتر ئەو بڕیارەی بە جێ گەیاندووە، بڕیاری فیداکردنی گیانی خۆی لە پێناو ئامانجی ڕەوایدا، ئەو فیداکارییەی پێشەوای نەمر لە دۆخێکی وەهادا کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە سەر بزاڤی کوردی داناوە کە حیزبی دێموکرات و ڕێچکەی خەبات ئێستا دوای ٧٥ ساڵیش شانازی بە هەبوونییەوە دەکات.



سەرچاوە
Serchawe

هەرمانی حیزبی دێموکرات و پێگەی جەماوەرییەکەی بە درێژایی مێژوو تەنانەت ئەمڕۆش بەرهەمی ئەو فیداکارییە و خەباتێکە کە لەو فیداکارییەوە ئیلهام وەردەگرێ. هەر ئەوەش وای کرد ناوی پێشەوا بۆ هەمیشە بمێنێت و ناوی خەباتی فیرقەی ئازەربایجان و ڕێبەرانی، کە توانیان ژیانی خۆیان بپارێزن و پەنا بۆ سۆڤیەت بەرن، ئەمڕۆ لە نێو بچێت.


بەڵگەی زۆر بۆ سەلماندنی کاریگەری پێشەوا لە سەر خەباتی گەلی کورد نەک تەنیا لە ڕۆژهەڵات بەڵکوو لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش هەن. ڕابرت ئیلسن لە لێکۆڵینەوەکەی لە سەر پەیوەندییەکانی ئێران و تورکیە و مەسەلەی کورددا دەڵێ:

«لێکۆڵینەوەکانی پێشوو لە سەر ئەو خاڵە پێ دادەگرن کە دروست بوونی کۆماری کوردستان لە ڕاژە(دەرجە)ی یەکەم نەتەوەخوازی کورد بوو. »

دامەزراندن و ڕووخانی کۆماری کوردستان زۆرتر مەسەلەیەکی نەتەوەخوازی کورد بوو کە کاریگەریی لە سەر کوردەکانی ئێران و ئێراق و تورکیە هەبوو.»(٦) تەسلیمبوون کاتێک ڕوو دەدات کە تاکی تەسلیمبوو دەیهەوێ گیانی خۆی بپارێزێ؛ بەپێچەوانەوە پێشەوای نەمر هەروەکوو لە زۆربەی ئەو گێڕانەوانەدا بە ڕوونی دیارن گیانی خۆی پێشکەش کرد تا ئارمانە ڕەواکانی گەلێک زیندوو بمێنن کە بنەمای زیندووبوونی خەبات و مانەوەی گەلێکە. بەگوێرەی هەموو ئەو بەڵگانەی لە پرۆسەی دادگاییکردنەکەی پێشەوای نەمر لە بەر دەستیشن، دەبینین خۆی بۆ مەرگ ئامادە کردووە و لە هەڵوێستە نەتەوەییەکەی پاشگەز نابێتەوە، بەڵام لە هەمووی گرینگتر ئەگەر وەسیەتی پێشەوای نەمر بەر لەسێدارەدانی وەک دوایین بەڵگەی تۆمارکراوی وتەکانی پێشەوا بزانین زۆر بە باشی دەردەکەوێ بایەخی یەکڕیزی و باوەڕنەکردن بە فارس و عەجەم وەک دوو بنەمای سەرەکی بۆ گەیشتن بە ڕزگاری هەژمار دەکرێت.

ئەگەر بمانهەوێ ئەو بابەتە گشتگیر بکەین بە سەر سیاسەت و دۆخی ئێستای کورد دەبێ گرینگی بدەین بە دروستکردنی یەکگرتوویی چ لە نێوخۆی حیزب و چ لە نێوان هێز و لایەن و کەسایەتییەکان و لە هەمووی گرینگتریش لەژێر ڕۆشنایی ئەو وەسیەتەدا دەردەکەوێ کە ئێمە نابێ هەموو وزەی خۆمان بۆ دروستکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە فارسەکان بەتایبەتی ئەوانەی کە باوەڕیان بە مافی کورد نییە بە کار بێنین بەڵکوو وزەی خۆمان بە کار بێنین بۆ بەهێزی خۆمان بۆ ئەوەی بتوانین ڕزگاری کورد و کوردستان بەدی بێنین.

## دوکتور قاسملوو و ئاماژە بە بڕیاری نەسڵی داهاتوو



دوکتور قاسملوو وەک سکرتێری گشتیی حیزب لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی هەشت کە دوایین کۆنگرەی حیزب بوو کە بەر لە تیرۆرکردنی تێیدا بەشدار دەبوو، وێڕای شرۆڤەیەکی ڕاسیونالانە بۆ دۆخی نێونەتەوەیی و ناوچەیی و ئێران و کوردستان جەخت لە سەر بەردەوامی خەبات دەکات و داوا لە هەموو ئەندامان و ڕێبەرایەتی حیزب دەکات خۆیان بۆ هەر دۆخێک ئامادە بکەن بەڵام ئەوەیکە پێداگری لە سەر گرینگی پێکهاتنی بەرەیەکی گشتی بۆ ئۆپۆزسیۆن دەکات و هەوڵەکانی حیزب لەو بوارەدا دەخاتە ڕوو خاڵێکی جێگەی تێڕامانە.

لایەنی گرینگ و یەکەمی ئەو بابەتە دیاربوونی هێڵی سیاسەتەکانی حیزبە کە تەنانەت وەک پێشمەرج بۆ نموونە لەگەڵ ڕێکخراوی فیدائیان یا ڕێکخراوەکانی دیکە دانراون، پێشمەرجی هاوکاری حیزب لەگەڵ ئەوان پەسندکردنی مەرجەکانی حیزب بە پێویست دەزانێ . ئەوە خاڵێکی زۆر گرینگە کە ئێمە دەبێ وەک حیزب هەمیشە لەمەڕ بابەتە گرینگەکانی وەک داهاتووی ئێران و جۆری حکومەت و سیستمی وڵات کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە دۆزی ڕەوای گەلەکەمان هەیە، خاوەن پێشمەرجی دیار بین، بەشداری و هاوکاری خۆمان بە قەبوڵی ئەو پێشمەرجانە بزانین بۆ ئەوەی نەبین بە وزە بۆ هێزێک کە بۆ هاتنە سەرکار لە هێزی ئێمە کەڵک وەرگرن و دواتر لە درێژەی سیاسەتی حکومەتەکانی ڕابردوو لە سەرکوتی ئێمە بەردەوام بن. لەو بوارەدا هەرچەند وردەکاری لە

ڕاپۆرتـــی کۆمیتـــەی ناوەنـــدی نەهاتـــووە بەڵام دەڵێ: «ئێمــە هیــوادارین کــە هەمــوو لایەنگرانــی دێموکراســـی و سـەربەخۆیی لـە ئێـران کـەم کـەم لـە گرینگـی پێکهێنانـی بەرەیەکـی بەرفراوانـی دێموکراتیک کە بەرنامەیەکـی ڕوون و جێـگای پەسـندی کۆمەڵانـی خەڵکی سەرانسـەری ئێـران هەبێـت، وەک ئەرکێکـی پێویسـت و مێژوویی تێبگەن.»(٧)

لێـرەدا ڕستەی «بەرنامـەی ڕوون و جێـگای پەسـەندی کۆمەڵانـی خەڵکی سەرانسـەری ئێـران» خاڵـی جێـگای سـەرنجن چونکـە ئۆپۆزسیۆنێک بـۆ ئـەوەی ببێـت بـە ئاڵتێرناتیـو بـەر لە هەر کارێک دەبێ پڕۆژەیەکی ڕوونی هەبێت و خەڵکیش ئەو پـرۆژەیە وەرگرێـت و ببێـتە جێـگای هیـوا بـۆ ئەوەی بە هۆشـیارییەوە درێـژە بە نارەزایەتییەکانی بـدات تـا ڕێـژیم بروخێت. لەلایەکی دیکەوە ئیتر سەردەمی بەکارهێنانی وشەی جوان و بێنێوەرۆک بـە سـەرچووە و دەبـێ ئـەو پڕۆژەیـەی ڕادەگەیەنرێـت جێـگای پەسـەندی خەڵـک بێت. پێم وایە بەرنـامەی جێـگای پەسـەندی خەڵـک لـە کوردسـتاندا، بێ گومـان ڕێزگرتـن لە مافی چارەنووسی نەتەوەیـی کوردە چونکە پرسی کورد لە ئەمڕۆدا بە نیسبەت سێ دەیە پێش ئێستا بـە هـۆی گۆڕانکاری لـە زۆر ڕەهەندەوە لە ئاستێکی زۆر پێشکەوتووتردایە.

دوکتـور قاسـملوو لـە دوایـین دیـداری پێشـمەرگەدا بەر لەوەیکە بۆ دوایین جار بـەر لـە تیرۆرکرانـی، سـەفەری دەرەوە بکات لە گوتارێکدا سیاسـەتی حیزب و دۆخـی ناوچـە و کوردسـتان و بەتایبەتی دوورەدیمەنـی داهاتـووی کـورد زۆر بـە باشـی شرۆڤە دەکات و گرینگییەکـی زۆر بۆ خەباتی پێشـمەرگە نیشـان دەدات و تەنانـەت هـۆکاری بەهێـزی حیـزب لـە دەرەوەش بـە چالاکـی بە بەرنامـەی پێشـمەرگە دەزانێـت و تەنانـەت دوای تەواوبوونـی شـەڕی ئێـران و عێـراق بـۆ دەنگدانەوەی زیاتری پرسـی کورد داوای چالاکـی لـە قوڵایـی خاکی کوردسـتان دەکاتـەوە کـە پێم وایـە تاکتیکێکـی دروسـت و پێویسـت و کاریگـەرە بـەڵام لـە سـەر دروست کردنـی هاوپەیمانـی لەگەڵ هێزە ئێرانییەکـان وێڕای پاراستنی سەربەخۆیی لە بڕیاردان دەڵێ:

«حیزبی ئێمـە هەر لە سـەرەتاوە، هەموو وەختێک مەشـغوڵی ئەوە بووە کە یەکەم لەگـەڵ گەلانـی زوڵملێکـراوی ئێـران کە بەداخـەوە ڕێکخراوێکـی بەهێزیـان نییـە وەکـوو تورکمـەن وەکـوو بەلـووچ وەکـوو عـەرەب وەکـوو ئازەربایجانی دۆسـتایەتی بکا. دووهەم لەگەڵ هەموو ئەو هێزانە کە ئیمانیان بە دێموکراسـی و خودموختاری هەیـە کـە زۆربـەی هـەرەزۆری هێزەکان دەگرێتـەوە، لەگـەڵ ئەوانیش هـاوکاری بکا.» (٨)

لێرەشـدا وشـەی ئیمان بە دێموکراسـی و خودموختـاری کە بە مانـای ڕێزگـرتن و بـاوەڕ بە مـافی نەتەوەی کورد دێت وەک، مەرجی هاوپەیمانـی دیـاری دەکات. بـە هەڵسوکەوتی سیاسـی لایەنـەکان و گوتاریـان زۆر بـە باشـی دەتوانیـن بڕیـار



سەرچاوە Serchawe

بدەیـن کـە کـام هێـز ئیمانـی بـە مافـی نەتەوەیـی گەلان یـا لانیکەم دیموکراسـی هەیـە؛ بۆ نموونە ئەگەر لایەنێک تەنانەت لەگـەڵ وشـەی فیدراڵـی یـا خوێنـدن بە زمانـی کوردی یا بەڕێوەبردنی ناوچەیی لـە سـەر بنەمـای جوغرافیـای نەتەوەیی گرفتـی هەبێـت، بـێ گومـان ئیمانـی بـە دیموکراسییەکەی دەکەوێتـە ژێـر پرسیارەوە.

مانگێـک بـەر لە شـەهیدبوونی ڕێبەری نەمرمـان لـە چاوپێکەوتنێکـدا لەگـەڵ تەلەفزیۆنـی بیبیسـی فارسـی وێـڕای دووپاتکردنـەوەی بـاوەڕی حیـزب بـە دیموکراسی دەڵێ: «تەنانـەت لـە کوردسـتان کـە بـە بەرپرسـیاریەتییەوە دەتوانم پێتـان بڵێـم زۆرینـەی خەڵـک لایەنگـری حیزبـی ئێمەیـە، ئێمـە خۆمـان بـە خاوەنـی کوردسـتان نازانیـن، ئـەوە خەڵکـی کوردسـتانە کـە بڕیـار دەدات کە حیزبی دیموکـرات خودموختـاری بەڕێـوە ببات یـا ڕێکخراوێکـی دیکـە، بـە بـاوەڕی ئێمـە ئەگـەر دۆخـی شـەڕ نەمێنـێ هەمـوو ڕێکخـراوەکان و هەمـوو لایەنـەکان دەبێ بەرنامـەی خۆیـان پێشکەشـی خەڵکـی ئێران بکەن و خەڵکی ئێران بتوانن ئازادانە لە نێوان ئەو ڕێکخراوانەدا هەڵبژێرن.» (٩)

ئەوە ڕاستە کە ڕێبەری نەمرمـان جەختـی زۆری لـە سـەر دیموکراسـی کردۆتـەوە، سـەرەڕای بـاوەڕی بـە دیموکراسـی هۆکارەکەشی لە دیداری پێشمەرگەکاندا شـی دەکاتـەوە کـە ئەگـەر دیموکراسـی هەبـوو خواسـتی ئێمـە کـە دابینکردنـی مافەکانمانـە بـەدی دێـت. نابـێ لـە بیرمـان بچێـت ئـەو گوتـارە لـە دۆخـی چەنـد دەیە پێش ئێسـتا کە کوردسـتان و نـاوچە و تەنـانەت پرسـی کورد لە ئاسـتی نێونەتەوەیـی لـە ئاسـتێکی دیکـەدا بـوو داڕێژرابـوو، بـۆ ئـەوەی وەکوو قوناغێک بۆ بەرەوپێشـچوون بـۆ قوناغێکی سەرووتر کەڵکـی لێوەربگیرێت، واتە ئەو سـتراتیژە هەڵگـری هەلومەرجـی ئـەوکات بـوو و هـۆکاری تایبەتـی خـۆی لـە پشـت بـوو.

**لە ئێسـتادا بەرەوپێشـچوونی دۆزی ڕەوای گەلەکەمـان لـە ئاسـتی جیاوازدا وا دەخـوازێ دابینکردنـی مافـی بڕیـاردان لـە چارەنووسـی نەتـەوەکان و بەتایبەتـی نەتەوەی کـورد بە دابینبوونی دیموکراسـی لێـک بدەینـەوە؛ ئەوەیکـە دوکتـور قاسـملووش دەڵـێ: «ئـەوە خەڵکی کوردسـتانە کە بڕیـار دەدات کە ئـەوە حیزبی دیموکراتە کە** خودموختاری بەڕێـوە دەبات یـا ڕێکخراوێکی دیکە». کەواتـە دەبـێ ئـەو ئازادییـە بـۆ خەڵکی کوردسـتان دابیـن بکەیـن کـە بڕیـار لـە سیسـتمی داهـاتووی کوردسـتانیش بدات ئـەو ڕاسـتییەش تەنیـا بـە دابینکردنـی مافـی بڕیـاردان لە چارەنـووس مومکین دەبێت.

لێـرەدا پێویسـتە ئامـاژە بـەو ڕاستییە بکەیـن کـە بنەماییتریـن پێداویسـتی سـەرکەوتنی گوتارێکـی وەهـا سـەرەتا بـە داڕشـتنەوەی گوتـاری کـورد لـە سـەر بنەمـای دابینکردنـی ئـازادی بـۆ بڕیـاردان لـە چارەنووسـی خۆیەتی، دواتر



سەرچاوە
Serchawe

بەهێزبوونی داڕێژەرانی ئەو بەرنامەیە لە هەموو ئاستەکان و بە جەماوەری کردنی ئەو گوتارە لە نێو خەڵکدا و بەکاربردنی دیپلۆماسی و گفتگۆیەکی کارا بۆ جێگیرکردنی ئەو بەرنامەیە لە ئاستی ئێرانی و نێونەتەوەییدا، واتە کورد ببێتە «هێزی شوێندانەر لە کوردستان» دا، بەم شێوەیە ئەگەری سەرکەوتنی ئەو گوتارە زیادتر و زیادتر دەبێت، چونکە دوای ڕووخانی کۆماری ئیسامی دەرفەتی ئەوە دەخوڵقێت بەڵام قۆستنەوەی دەرفەت لە گرەوی ئامادەیی زۆری کورد بەر لە ڕووخانی کۆماری ئیسلامیدایە. لە هەموو گرینگتر لەو باوەڕەدام بە بەهێزبوونی شۆڕش زیاتر لە قۆستنەوەی دەرفەتەکان بەرەو ئافراندنی دەرفەتەکانیش دەڕوات و پوتانسییەلی ئەو بەهێزییەش موجودە.

دوای چوار حەوتوو لە چاوپێکەوتنەکەی نەمر دوکتور قاسملوو لەگەڵ بیبیسی، کە تێیدا بە ئاشکرا باس لە باوەڕی قوڵی خۆی و حیزبەکەی بۆ دێموکراسی و چارەسەری پرسی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا کردبوو، لە دەوری سێیەمی گفتوگۆکان لەگەڵ وەفدی کۆماری ئیسلامی بەشدار بوو، ئەو گفتوگۆیانەی کە دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسامی ئەو کەسایەتییە زانا و لێهاتوویەی تێیدا تیرۆر کرد. لە تۆمارێکی دەنگیدا کە گفتوگۆکانی ئەو دانوستاندنەی تۆمار دەکرد «دوکتور قاسملوو لە ئەگەری لە بەرچاونەگرتنی داخوازی کوردەکان هۆشداری دەداتە جەعفەر سەحرارودی کە جیلی داهاتوو بە دوای جیاخوازییەوە دەبن.» (١٠)

ئەمڕۆ دوای سێ دەیە لەم گوتارە کە حکومەتی ناوەندی گوێی لە داخوازی کورد نەگرتووە بەڵکوو دڕندانەتر لە پێشوو سەرکوتی دەکات و تەنانەت ئۆپۆزسیۆنی دژی کۆماری ئیسلامیش پێشوازی لە ویستە ڕەوا و دێموکراتیکەکانی کورد ناکات پرسیاری » ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە کورد گوتاری خۆی لە دێموکراسی بۆ دابینکردنی مافی نەتەوایەتی وەک بەڵگەی هەبوونی دێموکراسی بگۆڕێت؟

ئایا ئێمە ئەو جیلە نین کە دوکتور قاسملوو باسی لێ کردووە؟» زیادتر بەرجەستە دەبێتەوە. «ژێرار شالیان» لە کتێبی تراژێدیای کورددا لە سەر تیرۆری دوکتور قاسملوو دەڵێ: «قاسملوو بوو بە قوربانی ئەو بیرۆکەیە کە دەتوانێ لە ڕێگای وتوویژ لەگەڵ دەوڵەتی ئێران ئەنجامی باش بۆ کوردەکان بە دەست بخات.»(١١) بەدرێژایی مێژوو کورد نەیتوانیوە لە ڕێگەی وتوویژەوە بە ئامانجی خۆی بگات. ئەوە بە مانای هەڵەبوونی ئەو ڕێکارە نییە، بەڵکوو بۆ دڕندایەتی دوژمن دەگەڕێتەوە، کە ئەو ڕێکارە شارستانییە مرۆڤایەتییە بۆ کڕینی کات و لێدانی گورزی جەرگبڕ لە دۆزی ڕەوای کورد کەڵک وەردەگرێت، کەواتە ئەگەر سەرکەوتن لە گرەوی ناسینی خۆمان و دوژمن بێت دەبێ بزانین کە ئاوەزی ناوەند(هەر لایەنێک بێ) بۆ کورد و کوردستان چییە و چۆن بیر دەکاتەوە.

## دوکتور سادق شەرەفکەندی و ڕاشکاوی لە هەڵوێست و گۆڕانکاری لە ئەولەویەتدا



دوای تیرۆرکردنــی ڕێبــەری نەمرمــان دوکتور قاسملوو، لە پلینۆمی کۆمیتەی ناوەنــدی، جێگری نەمر دوکتور قاســملوو واتــە نەمــر دوکتور ســادق شــەرەفکەندی وەک سکرتێری گشــتیی حیــزب دیــاری کــرا، هەوڵ و تێکۆشــانی دوکتور ســادق بــۆ پوچەڵکردنــەوەی پیلانــی دوژمــن کە پێــی وابــوو دوای دوکتور قاسملوو حیزب بەرەو نەمان دەڕوا پڕبایەخ بوون.

حیزب لەو ماوەیــەدا بە هەســتکردن بە بەرپرســیارەتی لە بەرانبەر خەبــاتی نەتەوەیی و ســەرەڕای خەســارێکی گــەورەی وەک لەدەســتدانی ڕێبەرێکــی لێهاتــووی وەک دوکتــور قاســملوو وێــڕای بەردەوامــی چالاکــی و تێکۆشــانی خــۆی هەوڵــی پێشخســتنی زیاتری حیزبی دا. بەڵگەی ڕوون و دیاری ئەو ڕاستییە بەڕێوەبردنی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی نۆیــەم کــە لــە ســاڵڕۆژی لەدایکبوونــی دوکتور قاسملوودا دەستی بە کارەکانی کردبوو.

لە ڕاپۆرتی بەپێزی کۆمیتــەی ناوەنــدی بۆ کۆنگــرەی نۆیەم کە لە لایەن دوکتور سادقەوە ئامادە کرابوو لە شــیکارییەکی زانســتی ئۆبژێکتیــوانەدا بــۆ دۆخــی نێــونەتەوەیی و ئێــران و کوردســتان هەروەهــا بە شــرۆڤەی ڕوانگــەی فیکــری حیــزب سیاسەتەکانی حیزبی بە باشی ڕوون کردبــووە. لەو ڕاپــۆرتەدا لە بەشــی ڕوانگە و ڕێبــازدا یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی

هەڵوێستەکانی حیزب کە بەهۆی سەرکەوتنیشی دەزانێ «ئازایەتی و ڕاشکاوی لە گرتن و دەربڕینی هەڵوێست دا»(١٢) دەزانێ.

واتە دەبێ ڕوون بێت کە ئێمە چیمان دەوێ، دەبێ گوتاری ئێمە بە ڕاشکاوی بە گوێی خەڵک بگات بۆ ئەوەی پشتیوانی ئێمە بکات، هەروەها لە سەر ئەو بنەما ڕوون و ئاشکرایانە لەگەڵ هێز و لایەنەکانی دیکە بەتایبەتی هێز و لایەنی غەیری کوردی دابنیشین گفتوگۆ بکەین. ئەو شەفافیەتە دەتوانێ پێگەی بەهێزی حیزب لە نێو کۆمەڵانی خەڵک بەهێز و بەهێزتر بکات.

یەکێک لە گۆڕانکارییە ئەرێنییەکان کە لەو ڕاپۆرتەدا بە ئاشکرا دەبینرێت، وەپێشخستنی مافی نەتەوەیی بە سەر دێموکراسیدایە، پێشتر پێداگری زیاتر لە سەر دروستبوونی دێموکراسی بۆ ئەوەی مافی گەلی کورد کە ئەوکات لە چوارچێوەی خودموختاری بوو دەکرا بەڵام لە بەشی ڕوانگە و ڕێبازی ئەو ڕاپۆرتەدا دەبینین دابینبوونی مافی نەتەوەیی بە نیشانەی دێموکراسی و تەنانەت پارێزەری دێموکراسی هەژمار دەکرێت. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: «لە هەلومەرجی ئێرانێکی دێموکراتیدا کە نیهادە دێموکراتییەکان وەک حیزب و ڕێکخراوی سیاسی بەهێز و بەنفووز، سەندیکاکان، کۆمەڵەی جۆراوجۆری سینفی و فەرهەنگی.... هتد ساز و سەقامگیر نەبوون خودموختاری بێگومان نیهادێکی زۆر گرینگی پارێزەری دێموکراسی و وەک کۆسپ لە ڕێگای گەڕانەوەی دیکتاتۆریدا دەتوانێ شوێنی کاریگەر دابنێ» (١٣)

لە یەکەم نیگادا لەوانەیە وا لێک بدرێتەوە کە ئەو دوو بابەتە واتە دێموکراسی و مافی نەتەوایەتی کورد لە ئێران پێکەوە بەستراون و ئەگەر دێموکراسی هەبوو ئیتر حەتمەن مافی نەتەوایەتی کوردیش دابین دەبێ، بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە چونکە ئەزموونی عێراقی ئێستا و تورکیە کە نەتەوەی کوردی تێدا دەژی بە باشی دەریدەخات کە دێموکراسی بە مانای دابینبوونی مافی نەتەوایەتی نایەت و بەتایبەت ئەگەر بچینە نێو باسی جۆرەکانی دێموکراسی و تەفسیری جیاواز و بەتایبەتی شیکردنەوەی زۆربەی ڕێکخراوەکانی ناوەندگەرا و نەتەوەی فارس بە نیسبەت دێموکراسی ئەو ڕاستییەمان زیاتر بۆ ڕوون دەبێتەوە.

هەر بۆیەش دەبێ دابینبوونی مافی نەتەوایەتی کورد ئەسڵ بێت و پێش بخرێت چونکە بە دابینبوونی مافی کورد بەدیهێنانی دێموکراسی واقعبینانەتر دێتە بەرچاو هەر بۆیەش لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی

نۆیەم نیهادی خودموختاری وەک مافی نەتەوەیی بە پارێزەری دێموکراسی و کۆسپ لە ڕێگای گەڕانەوەی دیکتاتۆری دەزانێ. ئەو بابەتە بە نیسبەت داهاتووی ئێران زۆر گرینگە چونکە پێداگری لە سەر مافە نەتەوایەتییەکانمان واتە دابینکردنی مافی بڕیاردان لە چارەنووسی گەلی کورد لە کوردستاندا بەدیهاتنی دێموکراسیشە بۆ ئێران.

پێویستە ئەم گوتارە و پێویستییەکانی ببێ بە هەڵوێستی ئاشکرا و ڕوونی حیزب بۆ چارەسەری پرسی کورد کە دەبێتە هۆی بەدیهاتنی دێموکراسی بۆ ئێران بەتایبەتی کە تەنانەت کاریگەری لە سەر هەموو ناوچەش دادەنێت.

هەر لەو ڕاپۆرتەدا زۆر کەلێن و بەری خەباتی شرۆڤە کردووە و باس لە پێویستیی پێکهێنانی بەرە و هەوڵەکانی حیزب لەو بوارەدا دەکات و وێڕای شیکردنەوەی هۆکارەکانی پێکنەهاتن و پێویستییەکانی پێکهاتنی بە ئاشکرا دەڵێ: «هەموومان پێکەوە ئەگەر لە سەر بناغەیەکی پتەو و چوارچێوەیەکی ڕوون و دیاریکراودا ئەم بەرە دانەمەزرێنین لەوانەیە نەک هەر بە ئامانجەکانی نەگا، بەڵکوو ئاکامەکەی شتێکی زۆر خراپتر لە ناو بێتە دەر. کەوابوو ئێمە ناتوانین لەگەڵ ڕێکخراوێک هاوکاری و هاوپەیمانی بکەین، یان بچینە نێو بەرەیەکەوە کە پشتیوانی لە خودموختاری کوردستان و بە گشتی داخوازە میللییەکانی گەلانی ئێران نەکا.»(١٣)

ئەو ڕاشکاوییە لە دەربڕین و دیاریکردنی هێڵی سیاسی لەمەڕ پرسە نەتەوایەتییەکانمان بنەمای سەرکەوتنمان لە داهاتوودایە چونکە زۆرن ئەزموونی هاوشێوە کە کورد هاوکاری زۆری ئۆپۆزسیۆنی داوە بەڵام دواتر هەر ئەو ئۆپۆزسیۆنە دژی مافە نەتەوایەتییەکان وەستاونەتەوە؛ عێراقی ئێستا نموونەیەکی جێگای سەرنجی ئەو بوارەیە. هەروەها لە ئێستادا و بە وانەوەرگرتن لە ئەزمونی چەند دەیە خەباتی ڕابردوومان پێداگری لە سەر دابینکردنی ئازادی کورد بۆ بڕیاردان لە مافی چارەنوسی کورد وەک هێڵی ئەساسی سیاسەتی ئێمە، لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامی و هەر ڕێژیمێک کە دەیهەوێ لە داهاتوو دەسەڵات بەدەست بگرێ بناغەی سەرکەوتنمان هەژمار دەکرێ. شایانی باسە لەو ڕاپۆرتەدا بۆ خەبات لە ئاستی نێونەتەوەییشدا هێنانە بەرباسی دابینکردنی مافی بڕیاردان لە چارەنووس بۆ کورد بە گرینگ و تەواوکاری خەبات لە نێوخۆی کوردستان دەزانرێ.

پێم وایە لە ئاستی نێونەتەوەییشدا هێنانە بەرباسی خەبات بۆ ئازادی گەلێک تا بتوانێ بڕیار لە چارەنوسی خۆی بدات زیاتر دەتوانێ بەردەنگ بدۆزێتەوە. چونکە داوای دێموکراسی و هتد بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی و ڕێئالیتەی پەیوەندی نێونەتەوەیی وەک باسێکی نێوخۆیی لێک دەدرێتەوە.

ئەو تێڕوانینە بۆ خەبات و ڕاشکاوییە تەنیا لە ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندیدا قەتیس نەماوەتەوە بەڵکوو دوکتور سادق لە دواییین سەفەری بێ گەڕانەوەی خۆیدا لە دواییین وتوویژی لەگەڵ عەلی کشتگەر لە ڕۆژنامەی فیدایی لە سەر بەرنامەی حیزبی دێموکرات دەڵێ: «کەوابوو دروشمێکی دیارمان هەیە، سەقامگیربوونی دێموکراسی لە ئێران بە شێوەیەک کە هەموو خەڵک بتوانن ڕاوبۆچوونی خۆیان سەبارەت بە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، ئازادانە دەرببڕن و چارەنوسی خۆیان دیاری بکەن. ئەم دێموکراسییە لە کوردستان بە سەرنجدان بە هەلومەرجی کوردستان بە شێوەی ڕەنگدانەوەی مافی نەتەوایەتی ئەوان خۆی دەنوێنی. تا ئێستا ئێمە ئەم ویستانەمان لە شێوەی خودموختاری ڕاگەیاندووە، بەڵام ئەوکات لە داهاتوودا خۆیان (نەسڵەکانی دیکە) دیاری دەکەن کە ویستەکانیان بە چ شێوەیەک دەبێت.»(١٤)

لێرەدا جارێکی دیکە بە ئاشکرا باس لەوە کراوە کە نەسڵەکانی دیکە ویستەکانیان دیاری دەکەن هەر بۆیەش ئێمە وەک نەسڵی دیکە ئەو بەرپرسیارەتییە قورسەمان دەکەوێتە سەر شان کە داڕێژەری ئەو ویستانە بین، بە خۆشی و شانازی گەورەوە ئێمە مامۆستایانی گەورەی وەک پێشەوای نەمر و دوکتور قاسملوو و دوکتور سادقمان هەبووە کە لەژێر تیشکی بیر و هزری ئەوان بە گوێرەی هەلومەرجی ئێستامان دەتوانین لە چوارچێوەیەکی وەک حیزبی دێموکرات کە هەمیشە بەرپرسانە و واقعبینانە جووڵاوەتەوە ئەرکی خۆمان لەو بوارەدا بەجێ بگەیەنین. لەو وتوویژەدا دوورەدیمەنی داهاتووی کوردستان زۆر بە باشی ڕوون کراوەتەوە و لە سەر پێکهێنانی بەرەو بابەتی دیکە ئەوەی بە ڕوونی جەختی لێکراوەتەوە ئەو ڕاستییەیە کە دەبێ «سەبارەت بە مافی خەڵکی کوردستان تەنیا دەبێ پرس بە خەڵکی کوردستان بکرێ.» (١٥)

**لە بەشێکی دیکەی ئەو وتوویژەدا دوکتور سادق بەپێی خەسڵەتی تایبەتی و تایبەتمەندی حیزبی دێموکراتیش بێت لە سەر هاوکاری لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسییەکان و ڕوناکبیرانی نەتەوەی فارس بە ڕاشکاوانە دەڵێ:**
«کەسێک کە ئیدعای دێموکراسی دەکات و ئامادە نییە مافە دێموکراتیکەکانی کوردستانی من قبوڵ بکات، من بە دێموکراتی نازانم و بە ئازادیخوازیشی نازانم و ناتوانم هاوکاری بکەم. چۆن هاوکاری لەگەڵ کەسێکدا بکەم کە هێشتا ڕێژیم نەڕووخاوە، ئەو دژ بە ویستە دێموکراتیکەکانی من ڕادەوستێ. دەبێ و پێویستە کە ئەم بەرەیە خۆی لە دروشمی «هەموو پێکەوە» دەرباز بکات.»(١٦)

ئەمڕۆ دوای چەند دەیە لە حکومەتی کۆماری ئیسلامی کە ڕێژەی قەیرانە جۆراوجۆرەکانی حکومەت و ناڕەزایەتی خەڵک لەوپەڕی بەرزی خۆیاندان و بە تێپەڕبوونی زەمان لە نەمانی ڕێژیم نزیک و نزیکتر دەبینەوە باسی

داهاتووی ئێران زیاتر دەکەوێتە بەر باس و گفتوگۆ، دەبێ زیاتر(یا لانیکەم بە ئەندازەی) ڕووخانی ئەو ڕێژیمە داهاتووی ئێرانیش بە تایبەتی بۆ کورد گرینگ بێت، لە بەر ئەو گرینگییە ئێمە بۆ دابینکردنی ویستە ڕەواکانی نەتەوەی کورد لە ئاستی نێوخۆدا دەبێ یەکڕیزی و بوون بە «هێزی شوێندانەر» کە لە بەرنامەکانی حیزبدا خۆی دەبینێتەوە و بە ناوی ڕاسان گەشەی کردووە پەرە پێبدەین و لە ئاستی دەرەوەشدا پێداگرییەکی ڕاشکاو لە سەر دابینکردنی مافی بڕیاردان لە چارەنووسی کورد چ بۆ پێکهێنانی بەرە و چ لە بەرانبەر تاراندا بکەین، هەروەکوو دوکتور سادق دەڵێ تەنیا ئیدیعاکردن بە دێموکراسی بەس نییە بەڵکوو دەبێ ئامادە بن ویستەکانی نەتەوەی کورد قەبوڵ بکەن ئەو کات ئێمەش بۆ هەماهەنگی و هاوکاری ئامادە بین.

## کۆبەند

دوورەدیمەنی هزری ڕێبەرانی نەمر پێشەوا قازی محەممەد و دوکتور قاسملوو و دوکتور سادق بەتایبەتی بەگوێرەی دوایین دوکیۆمێنتەکان کە لە دوایینساڵ و ساتەکانی ژیانیاندا تۆمار کراون پێداگری هەرچی زۆرتر لە سەر ویستە نەتەوەییەکانی کورد و وەپێشخستنی ئەو ویستە ڕەوایە بووە، لەلایەکی دیکەوە لە شوێنی جیاوازدا ئاماژەیان بەوە کردووە کە دەبێ جیلەکانی داهاتوو بۆ خۆیان لەمەڕ داهاتووی خۆیان بڕیار بدەن، لێرەدایە کە بەرپرسیارەتی قورسی ئێمە لە ئێستادا دەردەکەوێ و دەخوازێ کە لەم سەردەمەی ئێستادا لە ژێر تیشکی وانەکانی ڕێبەرانی نەمرمان بە گوێرەی هەلومەرجی ئێستا بەتایبەتی لە بواری پێکهێنانی بەرە و هەڵسوکەوتمان لەگەڵ ڕێژیمی داهاتووی ئێران هەڵوێستی خۆمان سەرەتا بە ڕوونی و ئاشکرا دەرببڕین دواتر شێلگیرانە خەبات بۆ دابینکردنی ئازادی بۆ کورد بکەین بۆ ئەوەی ئازادانە بڕیار لە سەر داهاتووی خۆمان بدەین. لە ئاستی ئێرانیدا بەڵگەی هەبوونی دێموکراسی و دێموکراتیکبوونی ئێرانی داهاتوو بە دابینبوونی مافی بڕیاردان لە چارەنووس و ڕێزگرتن لەو مافە وەک بنەما و بەڵگەی هەبوونی دێموکراسی بزانین و لەئاستی نێونەتەوەییشدا باس لە پرسی کورد وەک پرسی نەتەوەیەک کە دەیهەوێ ئازاد بێت بۆ ئەوەی بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات شرۆڤە بکەین.

سەرچاوە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە؛ ٧٩٠ - ٧٩١ - ٧٩٢



سەرچاوە
Serchawe

## پەراوێزەکان؛

١- یادداشتەکانم لە کۆماری کوردستان عەبدوال ئەحمەد ڕەسول پشدەری
٢- حکومەتی کوردستان کورد لە گەمەی سۆڤییەتیدا چاپی سێیەم نەوشیروان مستەفا
٣- گەشتێک بە کۆماری مهاباددا عەقید بەکر عەبدولکەریم حەویزی
٤- هەمان سەرچاوە
٥- شەوێک و خەوێک بستووی ژیان محمەدی نووری پێداچوونەوە و ئامادەکردنی سەالحەدین ئاشتی
٦- پەیوەندی ئێران و تورکیە و مەسەلەی کورد ڕابرت ئیلسن
٧- گزارش کمیتە مرکزی حزب دمکرات کردستان ایران بە کنگرە هشتم
٨- دوایین دیدار و لێدوانی شەهید دوکتور قاسملوو لەگەڵ هێزی پێشمەرگە ٢٩ی خاکەلێوەی ١٣٦٨ کاوس عەزیزی
uploads/content-wp/org.rabari.www://https/2019/04 pdf
٩- بە عبارت دیگر: گفتگوی پخش نشدە با عبدالرحمن قاسملو
rwogz98QS3aSOrJdJ4&index=4-
QrAZGHeFTj_PLXR=list&SGsfvkcMn8U=v?watch/com.youtube.www://https
١٠- صداهای ناشنیدە از آخرین لحظات ترور رهبران کرد در وین ژیار گل بیبیسی
features-iran/persian/com.bbc.www://https-49007137
١١- تراژێدیای کورد، ژێرار شالیان، وەرگێران وریا ڕەحمانی.
١٢- ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کۆنگرەی نۆیەم
١٣-هەمان سەرچاوە
١٤- شەرەفکەندی سیمای شۆڕشگێڕێکی نەتەوەیی کۆکردنەوە و وەرگێڕانی سمایل شەرەفی
١٥- هەمان سەرچاوە
١٦- هەمان سەرچاوە

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**گەلاوێژ ٢٧٢٢ی کورد = ئاگۆستی ٢٠٢٢ی زایینی**

---




# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ ئەلبورز ڕۆئین تەن بۆ نووسین و ئامادەکردنی ئەم بابەتە بەنرخە.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**





سەرچاوە
Serchawe